**کارکردن بەرەو یەکسانی لە وەیڵز**

# بەرنامەی تاك یەکسانی حکومەتی ئەنجومەنی وەیڵز

کورتەی جێبەجێکردن

2009 - 2012

# بەرنامەی تاك یەكسانی(Single Equality Scheme) حكومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیلّز و پلانی كار 2009-2012

## 1- كورتەی جێبەجێكردن

ئەمە یەكەمین بەرنامەی تاك یەكسانی وپلانی كاری حكومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیلّزە .

پەرەپێدانی بەرنامەی تاك یەكسانی شارێگەیە بۆ جێبەجێ كردنی ئەرك و پەیمانەكانمان سەبارەت بە خەونی " یەك وەیلّز" بۆ ئابورییەكی چالاك و بەهێز، تەندروستی باشتر، شێوەژیانی باشترو كۆمەڵگای جێگیر لە وەیلّزێكی هەمەچەشن و دوو- زمان دا .

وە یارمەتیمان دەدات بۆ جێبەجێ كردنی ئەركەكانمان بەرەو كۆمەڵگایەكی ڕەوا و دادپەروەر تر.

ئەم دۆكیومێنتە پاش خەریكبوون و پرۆسەیەكی ڕاوێژكاری سێ قۆناغی داڕێژراوە ، كەپێكهاتووە لە :قۆناغی پێش-ڕاوێژكاری سەبارەت بە پرسە سەرەكییەكانی یەكسانی (مانگی یانزەی 2007 تا مانگی یەكی 2008) ؛ دواتر ڕاوێژكاریكردن لەسەر ئەركە لەپێشینەكان وە چوارچێوەیەك بۆ بەرنامەیەكی تاك یەكسانی (مانگی سێی 2008 تا مانگی شەشی2008)؛ پاشان ڕاوێژكاریكردن لەسەر ڕەشنوسی بەرنامەكە و و بەرنەمەی كار( مانگی دەی 2008 تا مانگی یەكی 2009).

ئەو بیروبۆچون و تێبینیانەی كە لەماوەی پرۆسەكەدا پێمانگەیشت یارمەتیداین لە داڕشتن و پەرەپێدانی بەرنامەی تاك یاكسانی و پلانی كاری بەشەكان دا.

بەرنامەی كار ئەو كارە سەرەكیانە دیاری دەكات كەبەشەكانمان دەیانەوێت لەماوەی سێ ساڵی داهاتودا پێی هەستن ، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركەكانیان سەبارەت بە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی یەكسانی.

هەندێك لەو چالاكیانەی كە لەم پلانی كارانەدا دەردەكەون ئەو ئەرك وپەیمانانەن كە پێشتر دیاریكراون ، بەپێی بەرنامەو پرۆگرامی كاری پێشوتر. ئەوانی دیكە لە ئەنجامی لەبەرچاوگرتنی مەسەلەكانی یەكسانی و ئەو بیروبۆچونانەی كە لەڕێی ڕاوێژكاریەكەوە وەرمان گرتوون داڕێژراون.

پرۆگرامی ئەوەمان داناوە كە هەر شەش مانگ جارێک بەسەر جێبەجێكردنی بەرنامەكەدا بچینەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی كە فرسەتی ئەوەمان هەیە لە پلانەكانمان بكۆڵینەوە و بەسەریاندا بڕۆینەوە، وە ئەو گۆڕانكاریانە لەبەر چاو بگرین كە لە ڕووی یاسا دانانە وە پێویستن.

حکومەتی ئەمجومەنی نوێنەرانی وەیڵز بەرپرسە لە مسۆگەرکردنی ئەوەی کە خەڵك دەستیان بەخزمەتگوزارییەکاندا بگات بەو شێوەیەی کە هاوڵاتیان تێیدەگەن وە بەو پێیەی کە وەڵامی پێویستیەکانیان دەداتەوە. ئێمە ئەرکی ئەوەمان گرتۆتە ئەستۆ کە لە سەروو سنوری ڕێکخراوەکان و کەرتەکانەوە کاربکەین، وە تەرکیزلەسەر ئەوە دەکەین کە دەبێت خزمەتگوزارییەکی باشتر و ئەنجامگەلێکی باشتر بۆ بەکاربەرانی خزمەتگوزارییەکان بەدەست بهێنین.

ئەم بەرنامەیە یارمەتیمان دەدات نیشانی بدەین کە چۆن ئەرکەکانمان بەجێ دەهێنین لە سایەی ئەم یاسای یەکسانییەی ئێستادا . ڕوونی دەکاتەوە کەچۆن پەرە بە دابینکردنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان دەدەین، وە چۆن هەمەچەشنی دەناسین و بەرز دەینرخێنین. ئێمە دەمانەوێت لە جێبەجێ کردنی ئەرکە یاساییەکانمان زیاتر هەنگاوبنێین، بۆ پەرەپێدانی هەلی یەکسان و سڕینەوەی هەڵاوێردنی نایاسایی لە ڕووی پەککەوتەیی و توخم و ڕەگەزەوە. ئێمە هەمان ئەو یاسا گشتیانە بەکار دەهێنین بۆ هەموو ئەو بوارە نوێیانەی کە پەیوەندیان بە یەکسانییەوە هەیە - تەمەن، ئاین و بیروباوەڕ یان بێ باوەڕی ، سێکسوالێتی و ترانسجێندەرەکان[واتا ئەو کاسانەی کە توخم (سێکس) ی خۆیان گۆڕیوە یان ئارەزوودەکەن بیگۆڕن].

هەروەها پێویستییەکانی ئەوکەسانەی بە زمانی وێڵش قسەدەکەن گرنگن بەلای حکومەتی ئەنجومەنی وەیڵزەوە، ئەم مەسەلەیەش لەڕێگای بەرنامەی زمانی وێڵشەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لە بەرهەمهێنانی ئەم بەرنامەی تاك یەکسانیەدا ، حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیڵز ئەوە لەبەرچاودەگرێت کە هەرچەندە چەند پێکهێنەرێکی هاوبەش هەیە لە نێوان هەموو ئەرکەکانی یەکسانیدا ، بەڵام هەندێك پێکهێنەری جیاواز و تایبەتمەند هەن کە تایبەتن بە هەریەك لە سێ ئەرکەکان. ئەمە وادەکات هەر ئەرکێك تاك و بێهاوتا بێت و پەیوەندییەکی تایبەتی هەبێت بە هێڵی یەکسانییەکەی خۆیەوە.

ئێمە ئەو دەستکەوتانەی کەبەدەستمان هێناوە بەکارکردنمان لە بواری پەککەوتەیی ورەگەزو توخمدا زیاتر پەرەیان پێدەدەین و لەسەری بینادەکەین. پێویستە بەشێوەیەکی کاریگەر کاربکەین لەگەل هەموو ئەوانەدا کە بە هاوبەشی کاردەکەین بۆ ئەوەی بەرەو پێش برۆین لە جێبەجێ کردنی ئەم کارنامەیەی کە لە بەرەو پێشچونداید.

بەردی بناغەی کارەکانمان سەبارەت بە یەکسانی، هەمەچەشنی و دادی کۆمەلایەتی و مافەکانی مرۆڤ ئەمانەن:

● بنەمای بەڵگەیی پتەو سەبارەت بە هەمەچەشنی دانیشتوانی وەیڵز ، وە سەبارەت بەو نایەکسانییانەی کە تاکەکەس و گروپە جیاوازەکان ڕوبەڕووی بوونەتەوە.

● چەسپاندنی یەکسانی و هەمەچەشنی لە ناو پەرەپێدانی ستراتیژی و پۆلیسیەکانماندا لەرێی بەکارهێنانی دروستکردنی پۆلیسی گشتگیرەوە( خەملاندنی کاریگەری یەکسانی).

● کارکردن لەگەڵ بەشداران و خاوەنبەرژەوەندی و هاوکارانمان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کارەکانمان.

● دڵنیا بوون لەوەی کە هاوڵاتیانی وەیڵز دەنگیان هەیە لە دروستکردن و جێبەجێکردنی پۆڵیسیەکاندا.

● لەبەرچاوگرتن و پەرەپێدانی هەلی کاری هاوبەش و کارکردن لەسەروی هێڵە جیاوازەکانەوە.

● چاودێری و لێکۆڵینەوەی بەردەوامی کارەکانمان، بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە وەڵامی پێویستیەکانی ئەوانە دەداتەوە کە کاریان بۆ دەکەین.

## 2- ئەرکە لە پێشینەکانمان

ئەو ڕاوبۆچونانەی کە لە ڕاوێژکارییەکانماندا پێمان گەیشتن یارمەتیان داین بۆ ئەوەی کە ئەرکە لە پێشینەکا ن و شێوەی بەرەو پێشچوونی پلانی کاری بەشەکان ڕێکبخەین و دیاری بکەین ، کەئەمەش کاریگەری پراکتیکی پێدەبەخشێ.

بیرۆکەیەکی گشتی سەبارەت بەو ئەرکانەی کە هەربەشێك پێی هەڵدەستێت وە ئەرکە لە پێشینەکانی بەشەکانیان بەو شێوەیەی کە لە دوا پلانی کاردا دیاری کراوە وا لا خوارەوە ئامادە کراوە. وردەکاری زیاتر لە پلانی کارەکاندا هەیە کە بەشێکن لە بەرنامەکە.

ئەمانە ڕەنگە لە ماوەی کارکردنی بەرنامەکەدا بگۆڕێن.

## 2.1 بەشی پرسە دەستوریەکان و یەکسانی و پەیوەندیەکان

بەشی مەسەلە دەستورییە ویەکسانی و پەیوەندییەکان کاردەکات بۆ هاوکاری کردنی وەزیرەکانی وەیڵز بۆ ئەوەی پۆڵیسی و بەرنامەکانیان ڕاپیگەیەنن و جێبەجێیان بکەن. وە هەروەها کارمەندان لە بەرەوپێشچونە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیڵزدا ئاگادار دەکاتەوە.

وەهەروەها ئەم بەشە یارمەتی حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیڵز دەدات کە دڵنیا بێت لە جێبەجێکردن و تێگەیشتن لە یەکسانیەکەی و هەمەچەشنی خەڵکەکەی. هەروەها ئەرك و بەڵێنە یاساییەکان بەرەوپێشەوە دەبات بەوەی کە هەلی یەکسان بۆ هەموو خەڵك لە هەموو پرۆگرام و پۆلیسیەکانی حکومەتی ئەنجومەنی وەیڵزدا ڕەنگ بداتەوە.

### 2.1.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

● دڵنیابوون لەوەی کە پۆلیسیەکان هەمەچەشنی خەڵکی وەیڵز لەبەرچاودەگرن ، بە ئامانجی ئەوەی

که هەموو پێویستیەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن دابینبکرێت.

●وەرگرتنی داواکاری و دەستنیشان کردن بۆ پێبەخشینی خەڵات و ڕێزلێگرتن وەهەروەها دامەزراندن لەشوێنە گشتییەکاندا دەبێت بەجۆرێك بێت کە ژیانی هەمەچەشنی وەیڵزی بەشێوەیەکی گشتی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

## 2.2 بەشی منداڵان و پەروەردەو کارامەیی و فێربوون بۆ هەموو تەمەن

بەشی منداڵان، پەروەردە، کارامەیی و فێربوون بۆ هەموو تەمەن دەخوازێت پەرەسەندن لە خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و خەلکانی گەنجدا بکات. دەخوازێت کە خوێندن و مەشقکردن بۆ خەڵکی وەیڵز دابین بکات بۆ ئەوەی کە تواناو بەهرە شاراوەکانیان لەڕووی ئەکادیمی و کۆمەلایەتی و ئابورییەوە وەبەر بهێنن. ئەم بەشە هیوادارە بتوانێت کە ئەنجامگەلێکی باشتر بە منداڵان و فێرخوازان و کۆمەڵگاکان و بزنس و خاوەنکارەکان پێشکەش بکات.

### 2.2.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

●پەرەپێدانی خۆشگوزەرانی هەموو منداڵان و خەڵکانی گەنج، لەرێی :دابینکردنی یارمەتی بۆ ئەوەی هەموو توانا شاراوەکانیان وەبەربێنن، وە دڵنیا بوون لەوەی کە هەموویان دەتوانن سوود لە پەروەردەی ڕەسمی و فێربوونی دەرەوەی قوتابخانە و فێربوونی نارەسمی وەربگرن وەهەروەها پاراستنی ماف و حەقەکانیان.

●بەرەو پێشبردنی ئەنجامەکانی فێرخوازان و خۆشگوزەرانییان لەڕێی: مەنهەجێکی خوێندن لەسەر بنەمای کارامەیی وە ڕێکخستنی تاقیکردنەوەی پەیوەندیدارو چاکسازی لە بروانامەی هەموو تەمەنە جیاوازەکاندا و بەرەو پێشبردنی چوارچێوەی نمرەدانان، و جەختکردنە سەر کاریگەری قوتابخانەکان و پەرەپێدانی پیشەوەری کارمەندان.

●ئاڕاستەکردنی ئەو بەشدارییەی کە سیستەمی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی سەروشازدە ساڵان دەیکات بەرەو توانا پێبەخشینی هەموو فێرخوازان، لەگەڵیاندا ئەوانەش کەسەر بە گروپە کەم نوێنەرایەتی کراوو بێبەشەکانن، بۆ بەدەستهێنانی وەیڵزێك کەپەروەردەیەکی باش و کارامەییەکی بەرزی هەبێت، وە هەلی دامەزراندن تیایدا بەرز بێت، دیاریکردن و لەپێشدانانی ئەو زانیاری و کارامەیيانەی کە خاوەنکاران ، فێرخوازان ، کۆمەڵگاکان و حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیڵز پێویستیانە . وەهەروەها توانا پێبەخشینی دەزگاکانی پەروەردەو ڕاهێنان بۆ ئەوەی نەرم و نیان بن ، لەئاستێکی بەرزدابن وە وەڵامدەرەوەی پێویستیە ناوچەیی و نیشتیمانیەکان بن.

●پەرەپێدانی گشت لەخۆگرتن، کەمکردنەوەی بێبەشبوون و چارەسەرکردنی کەمی هەلی خوێندن لە ڕێی دروستکردنی پرۆگرام و پۆلیسی و ئەو کەرەستانەی کە پێویستن بۆ فێرخوازانی سەر بە هەموو تەمەنە جیاوازەکان، وە هەروەها ئەوانەی کە پێویستی زیاتر یان هەیە لە ڕووی فێربوونەوە وە کێشەی لەخۆگرتن و چونەناوەوە یان هەیە. وە بە دابین کردنی یارمەتی دارایی بۆ

خوێندکاران وفێرخوازانی دیکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، بە هاوکاری لەگەڵ بەشداربووان و خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکیەکاندا.

ئەم بەشە شان بەشان ی پشکنەری گشتی خاوەن شکۆ لە بواری پەروەردەو مەشقکردندا لەویلز (ئیستین) کاردەکات بۆ ئەوەی ئاستی باشێتی بۆ هەموو فێرخوازان لە وەیڵز بەرەو پێشبەرێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئیستین خزمەتگوزاری پشکنین و ئامۆژگاری کردنی بێلایەن لەئاستێکی بەرزدا دابین دەکات کە پەیوەندیدار بێت بە هەلو مەرج و پێویستیە جیاوازەکانی وەیڵزەوە.

دەزگای پشکنین ئەرکی مسۆگەرکردنی ئەوەی لە ئەستۆگرتووە کە هەڵسوڕان و چالاکیە ناوەکیەکانی بەشێوەیەکی ڕەوابێت و هەلی یەکسان بۆ هەموان فەراهەم بکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی توخم و ڕەگەز و جیاوازییە ئەتنی و نەتەوەییەکان و زمان و توانایی و ناتوانایی و تەمەن و ئاین و سێکسوالێتی.

ئیستین لە ڕێگای چوارچێوەی پشکنینە گشتیەکانیەوە ئەوە مسۆگەر دەکات کە ئاستی پەرەپێدانی هەمەچشنی لەلایەن پێشکەشکەرانی پەروەردەو مەشق لە وەیڵز پەیرەوی لە یاسا پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی یەکسانییەوە دەکات. وەهەروەها لەو ئاستەدایە کە چاوەڕوانکراوە لە ڕووی دەستپێداگەیشتن و هەل دابینکردن بۆ فێرخوازان بێ لەبەرچاو گرتنی توخم و ڕەگەز و جیاوازی ئەتنیکی و تەمەن و ئاین و سێکسوالێتی، کە ئەمەش دەبێت لە کارەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

## 2.3 بەشی ئابوری و گواستنەوە

خەونی بەشی ئابوری و گواستنەوەی وەیلز دروستکردنی ئابوریەکی چالاکە بۆ وەیڵز، وە بەدەستهێنان و پێشکەشکردنی گەشەکردنێکی بەهێزو خۆڕاگر بە دابین کردنی هەل بۆ هەموان. مەوداکانی کارکردنی ئەم بەشە بریتیە لە پەرەپێدانی پیشەسازی و بەکارهێنان وەبەرهێنانی پارە و پۆلیسی بۆ بواری گواستنەوە، وەهەروەها ئۆفیسی وەیڵز بۆ پارەپێدانی ئەوروپی.

### 2.3.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یارمەتیدانی بزنس و ئیشوکار کە تەواو ئاسان بێت بۆ بەکارهێنان لەسەرانسەری وەیڵزدا، کە پێویستیەکانی هەموو هێڵ و جۆرە یەکسانەکان لە بەر چاو دەگرێت.
- بەرەوپێشبردن و بوژاندنەوەی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگەیی.

.

- دابینکردنی سیستەمێکی هاتوچۆی بەتوانا و کاریگەر و ئاسان بۆ بەکارهێنان، کە یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی هۆکارەکانی نایەکسانی دا.

## 2.4 بەشی ژینگە و ژیاری و خانووبەرە

بەشی ژینگە و ژیاری و خانووبەرە بەرپرسیارە لە دروستکردنی ژینگەیەکی ژیاری بۆ خەلکی وەیڵز و نەوەکانی داهاتوو. ئەم بەشە هانی گەشەکردنێکی چەسپاو دەدات لەرێگای ستراتیژیەتی ژینگەیی، سیستەمی پلاندانان، وە بەڕیوەبردنی دیمەن و دەشتودەرەکانمان بەشێوەیەکی بەردەوام. هەنگاودەنێین بۆ کەمکردنەوەی بەشداری کردنی وەیڵز لە گۆڕانی کەش و ئاووهەوادا وە هەروەها کاردەکەین بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش وهەوا، بۆ نمونە لە ڕێگای بەربەستی لافاوەوە.

### 2.4.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

●مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هەموو خێزانێك لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، توانای دارییان هەرچۆنێك بێت، بتوانن خانویەکی باش و گونجاو بۆ خۆیان دابین بکەن.

●پلانی فیزیکی بۆ بەکارهێنانی زەوی بەگوێرەی پێویست.

●بەرەو پێشبردنی ژینگەی فیزیکی (ماددی).

●هەبوونی ڕێگا بۆ ناو ژینگەی سروشتی.

ئەم بەشە شانبەشانی کاونسڵی دەرەوەی شاربۆ وەیڵز کاردەکات، وە دەیلکێنن بە پلانی کارەکانیانەوە:

کاونسڵی دەرەوەی شاربۆ وەیلز ئامۆژگاری حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیڵز دەکات سەبارەت بە مەسەلەکانی ژیانی کێوی (ڕوەك و گیانداران ) و دیمەن و دەشتودەر. ئەم کاونسڵە بەپێی چوارچێوەی پۆڵیسیەك دەڕوات بەڕێوە وە ئامانج ومەبەستی خۆی هەیە کە لەلایەن وەزیری ژینگە و ژیاری و خانووبەرە وە بۆ دیاری دەکرێت بەشێوەیەکی ساڵانە.

## 2.5 بەشی تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و بەشی تەندروستی گشتی و پیشە تەندروستییەکان و خزمەتگوزاری پشتگیریکردن وئامۆژگاری لە دادگای منداڵ و خێزان .

بەشی تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ،و بەشی تەندروستی گشتی و پیشە تەندروستییەکان و خزمەتگوزاری پشتگیریکردن وئامۆژگاری لە دادگای منداڵ و خێزان هەموو دەوری پشتگیریکردن دەبینن لە بەڕێوەبردنی سیستەمێکی تەندروستی نمرەیەك و پەرەپێدانی تەندروستی و خۆشگوزەرانی لە وەیڵز. پێکەوە بەرپرسیارن لە بودجە دابینکردن و دانانی پۆڵیسی

بۆ چاودێری تەندروستی و تەندروستی گشتی ، پیاچونەوە و پشکنین وبەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی وە ڕێکخستنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە ئەمانە دەگرێتەوە : چاودێری منداڵ و گەورە، دابینکردنی پشتگیری و ئامۆژگاری و بەخشینی پارە وەهەروەها چاودێری کۆمەڵایەتی خۆبەخش.

## 2.5.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

● بەتواناکردن و کارکردنەسەر بەرەو پێشبردنی یەکسانی لە دابینکردن و بەکارهێنانی تەندروستی وچاودێری کۆمەلایەتی لە وەیلز ، بە مسۆگەرکردنی ئەوەی کە یەکسانی و هەمەچەشنی و مافەکانی مرۆڤ باڵادەستن لەکاتی دانانی پلانی ستراتیژی و پەرەپێدانی هێزی کاردا.

●پەرەپێدانی تەندروستی وخۆشگوزەرانی هەموو خەڵکی وەیلز.

●باشکردنی ئەنجامەکان بۆ ئەو منداڵ و خێزانانەی کە کێشەی خیزانیان هەیە (لەدادگا) لەماوەی سێ ساڵی داهاتودا.

ئەم بەشە شانبەشانی ئەم پشکنەرانەی خوارەوە کاردەکات ، کە بەم شێوەیە بە پلانی کارەکانیانەوە پەیوەندیدارن:

کاونسڵی چاودێری وەیلز لەگەڵ خزمەتگوزاری پشتگیریکردن و ئامۆژگاری لەدادگای منداڵ و خیزان کاردەکات کە ئاستی کارمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی بەرەو بەرزتر بەرێت بۆ باشترکردنی باری پاراستن و سەلامەتی بەکاربەرانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان. وە دەخوازێت ئەوە مسۆگەر بکات کە ئەو سەدوپەنجا هەزار منداڵ و گەورەیەی کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وەردەگرن لەهەر کاتێکدا لە وەیلز بتوانن پشت بە هێزێکی کار ببەستن کە بەشێوەیەکی گونجاو مەشقی پێکراوە ، وە بروانامەی گونجاویان هەیە و بەشیوەیەکی کاریگەر ڕێکخراون.

دەزگای پشکنینی تەندروستی لە وەیلز بەرپرسە لە چاوپێداخشاندنەوەو لێکۆڵینەوە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی چاودێری کە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی (ئێن ئێچ ئێس) بودجەی بۆ دابین دەکات لە ڕێگای خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی لە وەیلز. وە هەڵدەستێت بە دابینکردنی زەمانەتی سەربەخۆ سەبارەت بە، وە بۆ پشتگیریکردنی بەرەوپێشچونی بەردەوامی جۆر و سەلامەتی ئەو چاودێریەی کە (ئێن ئێچ ئێس) ی وەیلز بودجەی بۆ دابین دەکات.

## 2.6 بەشی کەلەپوور

بەشی کەلەپوور ئامانجی ئەوەیە کە ئەو خزمەتگوزارییانە بەرەو پێشبەرێت کە هەل دەرەخسێنێت بۆ هەمووان بۆ چێژوەرگرتن و سوود وەرگرتن لەو ئەزموونە کلتوری و مێژووییە دەوڵەمەندو

هەمەچەشنەی کە وەیڵز دەتوانێت پێشکەشی بکات. وە هەروەها ئەم بەشە پەرە بەبواری گەشتوگوزار دەدات.

## 2.6.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

●هاندانی هەموو گروپەکان بۆ بەشداریکرن وە شێوەپێدانی سروشت و شێوە ی کلتوری هاوچەرخی وەیڵز.

●ڕەخساندنی بوار بۆ ئەوەی هەموو گروپ و خەڵکانی ناو کۆمەڵ بتوانن ئاسانتر بەشداری چالاکییە کلتورییەکان بکەن،وە هەروەها پەرەپێدان و پاراستنی کلتورێك کە هەمەچەشنی و فرە دابونەریتی وەیڵز بەرز دەنرخێنێ.

## 2.7 بەشی سەرچاوە مرۆییەکان

بەشی سەرچاوە مرۆییەکان کۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ کارمەندەکانمان دابین دەکات وەکو : ئامادەکردنی مەشق و پەرەپێدان، دامەزراندنی ناوەکی و دەرەکی، بەڕیوەبردنی جێبەجێکردن، تەندروستی و سەلامەتی، تەندروستی پیشەوەری، موچەو خانەنشینی.

## 2.7.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

● گۆڕان لە هەڵسوکەوتماندا بۆ خولْقاندنی کلتورێکی گشتلەخۆگر، بە باوەربوون بە هەمە چەشنی خۆمان.

● مسۆگەرکردنی ئەوەی کە بەرپرسیارێتیەکی ڕوون و شەفاف هەبێت بۆ جێبەجێکردنی هەمەچەشنی.

● پەرەپێدانی ئەوسیستەمانەی کەوا دەکەن هەموو کەسێك توانا و بەهرە شاراوەکانی خۆی وەبەربهێنێت.

● هەبوونی هێزێکی کار کە بەرەو ئەوە بڕوات نوێنەرایەتی خەڵکی وەیڵز بکات.

## 2.8 بەشی بەجێهێنان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان

بەشی بەجێهێنان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان پشتگیری حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیڵز دەکات لە بەجێهێنانی کارنامەی گۆڕانی گەورە وتێکەڵاوبوون و یەکگرتن و پەرەسەندن لە ڕووی بەجێهێنانەوە لە سەرانسەری خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەیڵز.

ئامانج ئەوەیە کە هاوڵاتیان بخرێنە چەقی دارشتنی نەخشەی خزمەتگوزارییەکانەوە. چاوەڕوانی ئەوان سەبارەت بە چۆنایەتی و ئاستی دەستپێداگەیشتن و ئەنجامەکان بەرزەو وە بەخێرایش بەرز تر دەبێتەوە. دەبێت ژمارەیەکی زیاتر و وە جۆری باشتر لە خزمەتگوزاری جێبەجێکەر بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی سنورە کۆن (ترادیشناڵ) ەکان ی پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاری پێکبگەیەنن بۆ ئەوەی کاریگەربن، وە بۆ یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتیش کەمتر نەبێت. وە ڕۆڵی ئەم بەشە ئەوەیە کە توانا ببەخشێتە خزمەتگوزاران بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن.

### 2.8.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

● پەرەپێدانی مۆدێلێک لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی کە هاوڵاتیان دەکاتە چەقی گرنگی خۆی ، وە پێویستیەکانی هەموو خەڵکی وەیلز لەبەرچاو دەگرێت.

ئەم بەشە شانبەشانی دەزگای پشکنەری چاودێری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە وەیلز کاردەکات، وە ئەمەش بە پلانی کارەکانیانەوە پەیوەست دەبێت:

دەزگای پشکنەری چاودێری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە وەیلز بەشێکە کە لەڕووی کارکردنەوە جیاوازە و سەربە بەشی بەجێهێنان و خزمەتگوزارییە گشتییەکانە. ڕۆڵی ئەوەیە کە هەستێت بە پشکنین و بەسەرداچونەوەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی سەر بە حکومەتە ناوچەییەکان وە ڕێکخستن و پشکنینی دامەزراوە و دەزگاکانی چاودێری. ئەو یاسا و ڕێسایانە پەیرەو دەکات کە لەلایەن حکومەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەیلزەوە دیاریکراون وە هەروەها کەمترین رادەی داواکراوی نیشمانی ڕەچاودەکات.

## 2.9 بەشی مەسەلە دێهاتییەکان

بەشی مەسەلە دێهاتیەکان بەرپرسە لەوەی کە یارمەتی جوتیاران بدات کە جێگیرتربن لە ڕووی ئابوری ، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە. هەوڵ دەدات کە تەندروستی و خۆشگوزەرانی ئاژەلان بەرەو پێشبەرێت.ئەم بەشە هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی دێهاتەکان لە وەیلز کە پشتگیری دەکات لە کشتوکاڵ و دارستان و خۆراکە ڕووەکیەکان و بژاندنەوەی خڵکی دێهاتەکان. وەهەروەها ئەم بەشە ئامۆژگاری دەبەخشێت سەبارەت بە کۆمەڵێکی فراوان تر لە مەسەلە دێهاتیەکان ، هەروەها هەڵدەستێت بە وەدەستهێنانی ڕەزامەندی دێهاتیەکان بۆ پۆڵیسیەکان لە سەرانسەری ئەنجومەندا.

### 2.9.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

●چەسپاندنی گشتگر بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەئاستێکی بەرزداو بەشێوەیەکی جێگیر و بەردەوام، کەوەڵام دەرەوەی پێویستیە جیاوازەکانی خەڵکی ناوچە دێهاتیەکانی وەیلز بێت.

## 2.10 بەشی دادی کۆمەڵایەتی و حکومەتی ناوچەیی

بەشی دادی کۆمەڵایەتی و حکومەتی ناوچەیی بەرپرسە لە بەرەوپێشبردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی لە ئاستێکی زۆربەرزدا لەوەیلز، بە جەخت کردنەسەری زیاتری پشتگیریکردن و پاراستنی خەڵکانی لاواز و بێ پشت وپەنا ، وەهەروەها بەرەو ڕووبونەوە ی لەخۆنەگرتن(دەرپەڕاندن)ی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی نایەکسانی. هەروەها هەڵدەسێت بە پێشکەشکردنی بودجەو پشتگیری بۆ حکومەتی ناوچەیی بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانە بە دەستبهێنرێن.

### 2.10.1 ئەرکە لە پێشینەکانی پلانی کار

●پەرەپێدانی دادی کۆمەڵایەتی بە کەمکردنەوەی کاریگەری هەژاری لەسەر منداڵان لە وەیلز.

●یارمەتیدانی ئەوانەی لە کۆمەڵگادا پەڕاوێزخراون، بە پەرەپێدانی دارایی گشگیر(بۆ هەمووان) وە مسۆگەرکردنی ئەوەی هەموو کەس بە دووربێت لە هەژاری.

●پەرەپێدانی کۆمەڵگایەکی پێکەوەلکاوی یەکگرتووتر کە دەبێتەهۆی هاندانی بوژانەوەی کۆمەڵگا و بەهای هاوبەش وهەلی یەکسان بۆ هەمووان لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگای وەیلزدا.

●ئاسانکردنی بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە جەوهەرییەکان بۆ گروپە بێبەش و زیانپێگەیشتوەکان ئەوانەشی لەگەڵدا بێت کە قوربانی ئازاردانی ناوماڵن.

## 3 شێوە (فۆرمات) ی دیکە:

ئەم کورتەی پلانی جێبەجێکردنە بە شێوە و زمانی دیکەش دەستدەکەوێت وەکو : برەیڵ (بۆ نابیناکان) و دەنگ و زمانی هێمایی بەریتانی(ساین لانگویج) وە خوێندنەوەی ئاسان. ئەگەر دەتەوێت زانیاریت بە شێوەیەکی تر دەستبکەوێت تکایە ئاگادارمان بکە.

خۆشحاڵدەبین بە ناردنی ڕاوبۆچونەکانتان سەبارەت بە بەرنامەی تاك یەکسانی یەکەمان .بۆناردنی ڕاوبۆچوونەکانتان وە داواکردنی شێوەی دیکە یاخود داواکردنی کۆپی تەواوی پلانەکەو پلانی کار دەتوانێت پەیوەندیمان پێوەبکەیت بەو ڕێگایانەی خوارەوە:

Equality and Human Rights Division
Welsh Assembly Government
Room 3.13
Cathays Park
Cardiff
CF10 3NQ

ehrd@wales.gsi.gov.uk

Fax: 029 2080 1067
Telephone: 029 2082 3772

http://new.wales.gov.uk/topics/equality/?lang=en